**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

**سڵاو و ڕێز....**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە خوارەوە واژوومان کردووە، داواکارین بەزووترین کات پرۆژە یاسای (هەموارکردنی سێیەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو) بخرێتە بەرنامەی کارەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١- | فخرالدین قادر عارف | |
| ٢- | ئومێد حەمە عەلی | |
| ٣- | عەلی حەمە صالح | |
| ٤- | د. شوان ... (محمد مصطفى) | |
| ٥- | یاسر کامل سلیمان | |
| ٦- | شیماء ابراهیم | |
| ٧- | کنعان نجم الدین محمد (حاجی کاروان) | |
| ٨- | سۆران عومەر | |
| ٩- | عبدالرحمن علی رضا | |
| ١٠- | د. جمال محمود فتاح | |
| ١١- | محمود حاجی عمر | |
| ١٢- | مروان گەلالی | |

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١٣ | فەرەیدوون سۆفی عەلی | (signature) لەگەڵ ئەوەی کە یاساکە ئەثری رجعی هەبێت. |
| ١٤ | ئومێد خۆشناو | لەگەڵ ئەوەدام لەگەڵ یەکێتی پەرلەمانتاران گفتوگۆ دەربارەی ئەم پڕۆژەیە بکرێت (signature) ئومێد |
| ١٥ | حسێن ئیسماعیل | (signature) |
| ~~[illegible]~~ | ~~[illegible]~~ | (signature) |

پرۆژە یاسای هەموارکردنی سێهەمی یاسای خانەنشینیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١٣)ی ١٩٩٩ی هەموارکراو

ماددەی یەکەم:

ناوی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یاسای خانەنشینیی کاتیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و گێڕانەوەیان بۆ خزمەتی گشتی.

ماددەی دووهەم:

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی تەواوبونی ئەندامێتی یان نەتوانینی جێبەجێ کردنی کارەکانیان یان نەمانی ئەندامێتییان، بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان ئەگەر لە کارێکی گشتیدا کاریان کردبوو و، لەسەر دامودەزگا پەیوەندیدارەکانیش پێویستە کە کاری پێویست لەم بوارەدا جێبەجێ بکەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. فەرمانبەر لە ماوەیەک کە لە ٣ مانگ تێنەپەڕێت پاش کۆتایی هاتنی ئەندامێتیی لە پەرلەمانی کوردستان داوایەک پێشکەش دەکات بە فەرمانگەکەی بۆ گەڕانەوەی بۆ پلەی وەزیفیی پێشووی و، لەم حاڵەتەدا دەستلەکارکێشانەوەکەی یان دەستهەڵگرتنی لە لە کارەکەی پێشوی بە هۆی ئەندامێتیی لە پەرلەمان بە حوکمی یاسا هەڵدەوەشێتەوە و، دەبێت لە ماوەیەک کە لە ١ مانگ تێنەپەڕێت پاش پێشکەش کردنی داواکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر کارەکەی.

٢. دەبێت ئەو پلە و پۆست و ناونیشانەی دەدرێتە فەرمانبەر پاش گێڕانەوەی، هەمان ئەو پلە و پۆست و ناونیشانە بێت کە دواجار کاری تێدا کردوە یان هاوتای بێت و، بەهەمان مووچەی پێشووی سەرەڕای ڕەچاو کردنی بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە.

دوهەم: ئەو کەسانەی لە بڕگەی پێشوو ئاماژەیان پێدرا تا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان، یان کارێک دەدۆزنەوە، ٥٠%ی کۆی مووچە و دەرماڵەی

مانگانەی هاوەڵانیان کە بەردەوامن لە پەرلەمان وەردەگرن بە مەرجێک لە یەک ساڵ تێنەپەڕێت، هەروەها دوای کۆچی دواییشیان لەو ماوەیەدا یان لە کاتی ئەندامێتییان لە پەرلەمانی کوردستان پاشەواری شایستە (خلف) بە پێی یاسا کارپێکراوەکان هەمان ڕێژە وەک خانەنشینی وەردەگرن.

سێهەم: ئەندامی پەرلەمان کە پێشتر فەرمانی حکومیی نەبوە، بۆی هەیە داوای دامەزراندن بکات لە هەر شوێنێکی گشتی کە لەگەڵ بڕوانامە و لێوەشاوەییەکانی بگونجێت و، لەم حاڵەتەدا لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار پێویستە کە داواکاریەکەی پەسەند بکات.

چوارەم: خزمەتی پەرلەمانتاری بە خزمەت ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەرەمووچە و بەرزەمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی لە یاساکانی خزمەتی مەدەنی و سەربازی و زانکۆیی و دادوەری و دیبلۆماسی.

پێنجەم: سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی تەواوبونی ئەندامێتییان لە پەرلەمانی کوردستان، تەنها بۆ یەک جار بۆ هەر ساڵێکی خزمەتیان لە پەرلەمان موچە و دەرماڵەی مانگێکی ئەندامێتی وەرئەگرن بە مەرجێک لە مووچە و دەرماڵەی چوار مانگ تێنەپەڕێت و، دوا مووچە و دەرماڵەیان دەکرێتە پێوەر بۆ ئەم مەبەستە.

ماددەی سێهەم:

یەکەم: ئەندامی پەرلەمان خانەنشین دەکرێت و ٥٠%ی مووچەی مانگانەی هاوەڵانی کە بەردەوامن لە پەرلەمان وەردەگرێت ئەگەر لە ماوەی ئەندامێتیی لە پەرلەمان تەمەنی خانەنشینیی تێپەڕاندبوو و بۆ ماوەی ٤ ساڵ ئەندامی پەرلەمان بوبێت. بە پێچەوانەوە ئەوا بە پلەی فەرمانبەرێتیی لە پێش ئەندامێتیی لە پەرلەمانی کوردستان خانەنشین دەکرێت.

دوەم: ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لە کاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەیدا تووشی زیانی جەستەیی بەردەوام بوو بە شێوەیەک کە نەتوانێت درێژە بە کاری پەرلەمانی بدات، ئەوا بەبێ ڕەچاو کردنی مەرجەکانی بڕگەی پێشوو خانەنشین دەکرێت و ٥٠%ی مووچەی مانگانەی هاوەڵانی کە بەردەوامن لە پەرلەمان وەردەگرێت.

سێیەم: پاشەواری شایستە (خلف)ی ئەو ئەندامانەی بڕگەی پێشوو دەیانگرێتەوە دوای کۆچی دواییان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان هەمان ڕێژە وەک خانەنشینی وەردەگرن.

ماددەی چوارەم:

بڕگەی یەکەم لە ماددەی سێهەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ناشێ کۆکردنەوە لە نێوان ئەو مووچەیەی لەم یاسایەدا ئاماژەی پێدراوە لەگەڵ هەر مووچەیەکی تر کە لە خەزێنەوە خەرج بکرێت.

ماددەی پێنجەم:

ماددەی (٦)ی یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە.

ماددەی شەشەم:

بڕگەی (٢)ی ماددەی (٧)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١. ئەندامانی پەرلەمان لە خولەکانی هەڵبژاردنی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە ئەتوانن داوای جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بکەن دەرهەقیان.
٢. کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێک ناکرێت گەر ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی حەوتەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن ئەم یاسایە:

بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە لێهاتوویی و تواناکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پاش تەواو بوونی ماوەی ئەندامێتییان و، بۆ کەمکردنەوەی بە هەدەردانی سامانی گشتی و، کردنەوەی دەرگا بەڕووی کەمکردنەوەی ئیمتیازاتی پلە و پۆستە دەورییەکانی دیکەش، ئەم یاسایە دەچوێنرا.